# مهاباد، دوێ شەویش لە خۆپیشاندا‌ندا بوو

لە درێژەی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە لە رۆژی یەکشەممەوە بە هۆی شەهید کرانی شوانەی سەید قادر یەکێ لە ئەندامانی چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە مهاباد، دەستیپێکرد؛ دوێنی چوار شەممەش، مهاباد گۆڕەپانی خۆپیشاندان و تێکهەڵچوونی نێوان رۆڵەکانی گەلی کورد و هێزەکانی رێژیم بوو.

لە حاڵێکدا لە دوێنی سەر لە بەیانییەوە دووکان و بازاڕی مهاباد داخرا بوون، لە پاشنیوەڕۆدا هەزاران رۆڵەی ئازادیخوازی کورد بەپێشەنگی هەڤاڵانی شەهید شوانە، ئاڵا لە دەست، بە دەم سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دروشمی شۆڕشگێڕانەوە، بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لە گەڵی لە سەر گۆڕی شەهید شوانە کۆ بوونەوە.

لە کاتێکدا، رێبوارانی رێگای شەهید شوانە، لە گۆڕستانەوە بەرەو نێوشار دەگەڕانەوە، هێزە داگیرکەرەکانی رێژیم ناسراو بە "یەگانی ویژە" و "نیروی زیدی شورش" بۆ بڵاوە پێکردنیان دەستیان دایە تەقەی هەوایی و فڕێدانی گازی فرمێسك هێن. خۆپیشاندەرانی ناڕازی لە داگیرکەرانی جینایەتکار، وەڵامی هێزەکانی رێژیمیان بە بەرد و لەتە خشت دایەوە و خۆپیشاندانەکە گەڕەکەکانی: مەیدانی حەیوانان، کانیی سۆفی تەها، باغی شایەگان و هەموو گەڕەکەکانی پشت تەپی گرتەوە.

رۆڵە بە شەرەفەکانی شاری پێشەوا بە ئاوردانی لاستیك لە سەر رێی ماشینەکانی هەڵگری هێزەکانی رێژیم و کۆکردنەوەی بەرد و هاویشتنیان، زۆرجار رێیان لە پێشڕەوی هێزەکانی دوژمن دەگرت.

سەید کەماڵ ئەسفەرەم، ناسراو بە شوانەی سەید قادر 25 ساڵە خەڵکی مهاباد، ئەندامی بە وەج و چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان رۆژی شەممە لە کۆتایی باغی شایەکان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی دوژمن و لە کاتێکدا چەن گوللەی وێکەوتبوو، بە بریندای کەوتە دەست هێزەکانی دوژمن و لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری دڕندانەی ئەواندا گیانی بەختی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کرد.

ئەم وێنانەی بڵاو دەکرێنەوە، شوێنەواری ئەشکەنجە و ئازاری دڕندانەی شەهید شوانە بە باشی پیشاندەدەن.

ئەمڕۆ پێنج شەممە 2005/7/14 لە بنکەی پێوەندییەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە هەولێر، کۆڕێکی رێز نان لە شوانە و پشتیوانی لە راپەڕینی خەڵکی مهاباد، بە بەشداریی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان بەڕێوە دەچێ.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

23/ پوشپەڕی/2705

14/جولای/2005

















